گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ڕۆڵی بەرنامەی تەلەڤزیۆنیی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی

## توێژینەوەیەکی شیکارییە

**م.ی. بەشدار حسێن محمد**
بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Bashdar.mohammed@su.edu.krd

**پ.د. نەزاکەت حسێن حمەسەعید**
بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
Nazakat_72@yahoo.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٣/٤/١٧
پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٥/١٧
بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Reliance, Kurdish Satellite channels, television programs, Spread, social awareness*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.2.7

## پوختە

کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان یەکێکن لە کاریگەرترین ئامرازەکانی ڕاگەیاندن, بەشێك لە بەرنامەکانیان ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتیی هەیە بە مەبەستی خستنەڕووی پرس و کێشەکان. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی ڕادەی پشتبەستنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەو بەرنامە تەلەڤزیۆنیانەی پەیوەستن بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی. ئەم توێژینەوەیە لە جۆری وەسفییە، توێژەر میتۆدی (شیکردنەوەی ناوەڕۆك)ی بەکارهێناوە. کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە سەرجەم ئەو بەرنامە تەلەڤزیۆنییانەی کە ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتییان هەیە لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، نموونەی توێژینەوەکەش بریتییە لە وەرگرتنی هەریەك لە بەرنامەی (دەروون و دیاردە) لە کەناڵی کوردستان24 و بەرنامەی (فایل و دیاردە) لە کەناڵی کوردسات نیوز. ئەنجامەکە دەریخستووە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان تاڕادەیەکی زۆر پشت بە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان دەبەستن بە مەبەستی شرۆڤەکردنی پرس و بابەتەکان. (دیاردەی کۆمەڵایەتی) و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

"بوونی کێشە و گرفت" گرنگترین تەوەری بەرنامەکان بوون، ئەو پرس و بابەتە کۆمەڵایەتیانەی لە بەرنامەکان خراونەتەڕوو بریتی بوون لە "هۆشیاریی کۆمەڵایەتی" و "کاریگەری میدیا و سۆشیال میدیا". لەبارەی شێوازی باسکردنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، بە پلەی یەکەم لە بەرنامەکاندا "بیرۆکەی دەستنیشانکردنی هۆکاری کێشەکان و خستنەڕووی چارەسەر" زۆر بایەخی پێدراوە.

## پێشەکی

کەناڵە ئاسمانییەکان بە یەکێك لە کاریگەرترین ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دادەنرێن, بەهۆی توانای تەکنیکی و فراوانی پەخشەکەی و کارکردن لە سەر هەردوو هەستی بینین و بیستن لە یەك کاتدا، هەروەها ڕۆڵێکی کارای هەیە لە سەر ژیانی کۆمەڵگە بۆ بڵاوکردنەوە و گەشەپێدانی ئاستی هۆشیاریی و ئاراستەکردنی تاکەکان، دیاردەکان، پێکهێنانی بەهاکان و دروستکردنی بیرۆکە و گۆڕینی ڕەوشت و ڕەفتار. ئەمانە لەڕێگەی پەخش و بڵاوکردنەوەی بابەتی تەلەڤزیۆنی وەك: هەواڵ، بەرنامە، ڕووداو، برگە و ناوەڕۆکی بەهێز، دواجار کاریگەری دەبێت لە سەر بینەر و توانای بەیەکەوە بەستنەوەی شارستانییەت و کۆمەڵگە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی هەیە. زۆربەی کات کەناڵەکان ئەو بەرنامانە پەخش دەکەن کە ڕەهەندی کۆمەڵایەتییان هەیە بەمەبەستی خستنەڕووی گیروگرفت و پرس و کێشەکان و دەستنیشانکردنی ڕێگەچارەسەر، کە بەپێی توێژینەوە و سەرچاوە زانستییەکان دواجار دەبنە هۆی بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی لەنێو تاکەکان و کۆمەڵگە.

بەشێك لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان, شێوازێك لەو بەرنامانە بەرهەم دەهێنن کە پەیوەستن بە لایەنی کلتووری و فەرهەنگی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردی، ئەمەش لێکەوتە و کاریگەری بەسەر تاك جێدەهێڵن، چونکە لەو تەوەرانەی باس دەکرێن و ئەو کەسانەی دەدوێنرێن لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان، کۆمەڵێک بیرۆکە پێشکەش دەکرێن هاوتەریبن لەگەڵ بیری تاکی کوردی و دۆخی کۆمەڵایەتی و بەها و داب و نەریت و کلتورەکەی، دواجار لەوانەیە ببێتەهۆی گۆڕانکاری لەلای تاك و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، لەم ڕوانگەیەوە لەوانەیە سوود بە گەشەی کۆمەڵایەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵگە بگەیەنێت. بۆیە ئەم توێژینەوەیە بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی زانستی و میتۆدی شیکردنەوەی ناوەرۆك, هەوڵێکە بۆ زانینی ڕادەی پشتبەستنی جەماوەر بە دیجیتاڵ میدیای کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە بەرنامانەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتییان هەیە بۆ دروستکردن و پێکهێنانی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لەلای جەماوەر. توێژینەکە لە پێنج تەوەری سەرەکی پێکهاتووە کە ئەمانەن: تەوەری یەکەم میتۆدنامەی توێژینەوەکە، تەوەری دووەم کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، تەوەری سێیەم بەرنامەکانی پەیوەست بە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، تەوەری چوارەم لایەنی شیکاریی توێژینەوەکە، تەوەری پێنجەم خستنەڕووی داتاکان و دەرەنجام و ڕاسپاردە و سەرچاوەکان.

## ڕێبازنامەی توێژینەوەکە

### 1-1- کێشەی توێژینەوەکە:

بەردەوام لەناو کۆمەڵگەدا گفتوگۆی ئەوە دەکرێت پەیام و بابەتەکانی تەلەڤزیۆن فاکتەرێکن بۆ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەرن لەسەر بیرکردنەوە و هۆشیارکردنەوەی جەماوەر. بەرنامەی تەلەڤزیۆنیش کە شێوەی جۆراوجۆر و بوار و ناوەڕۆکی جیاجیا لەخۆدەگرن، کەناڵە ئاسمانییەکان کاتێکی زۆری بۆ تەرخان دەکەن، بۆیە کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە لێکۆڵینەوە بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆڵی ئەو بەرنامە تەلەڤزیۆنیانەی پەیوەستن بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان. لە خوارەوە بە چەند پرسیارێك کێشەی توێژینەوەکە ڕوونتر دەخەینەڕوو:

1. هۆکاری پشتبەستنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی؟
2. ئەو پرس و بابەتانە چین کە لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان دەخرێنەڕوو؟
3. شێوازی باسکردنی پرس و بابەتەکان چۆنە؟
4. ناوەڕۆکی بەرنامەکان تاچەند ئەو بابەتانە لەخۆدەگرێت کە پەیوەستن بە کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە؟

## 1-2- گرنگی توێژینەوەکە:

بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوە زانستییەکانی بواری ڕاگەیاندن گرنگی خۆیان هەیە بۆ دامەزراوە ئەکادیمییەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کۆمەڵگە، گرنگییەکەی لە چەند خاڵێك چڕ دەکەینەوە:

1. ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەمەبەستی زانینی ڕۆڵی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان و ناوەڕۆکەکانیان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی.
2. زانین و دەستنیشانکردنی ئاست و ڕادەی پشتبەستنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەو بەرنامانەی پەیوەستن بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی، دواجار ڕەنگدانەوەی ئەرێنی دەبێت لەسەر بەرەوپێشبردنی کار و ئەدای ئەو کەناڵانە لەڕووی پیشەییەوە، بۆ بایەخدان بە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان.

## 1-3- ئامانجی توێژینەوەکە:

1. دەرخستنی ڕادەی گرنگی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە خستنەڕووی بەرنامە و ناوەڕۆکە میدیاییەکانیان.
2. زانینی ئەو پرس و بابەتانەی کە لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان دەخرێنەڕوو.
3. دەرخستنی شێوازی باسکردنی پرس و بابەتەکان.
4. ناوەڕۆکی بەرنامەکان تاچەند ئەو بابەتانە لەخۆدەگرێت کە پەیوەستن بە کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە.

## 1-4- جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری وەسفییە، بۆ تاوتوێکردنی لایەنە پراکتیکییەکەی و گەیشتن بە کۆمەڵێك ئەنجام کە دواتر بواری گشتاندنی هەبێت، توێژەر میتۆدی (ناخشیکاری)ی بەکارهێناوە، بەهۆیانەوە دەتوانرێت ڕادەی پشتبەستنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بزانرێت بۆ ئەو بەرنامە تەلەڤزیۆنیانەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بڵاودەکەنەوە.

## 1-5- کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە:

1. کۆمەڵگەی توێژینەوە: کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە سەرجەم ئەو بەرنامە تەلەڤزیۆنییانەی کە ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتییان هەیە لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2. نموونەی توێژینەوە: نموونەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە هەریەك لە كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكانی (كوردستان24، كوردسات نیوز)، وەرگرتنی هەریەك لە بەرنامەی (دەروون و دیاردە) لە كەناڵی كوردستان24 و بەرنامەی (فایل و دیاردە) لە كەناڵی كوردسات نیوز وەك نمونەی توێژینەوە.

## 6-1- توێژینەوەكانی پێشوو:

**1.** توێژینەوەی D. Noor Hayat, Juliana ( 2014) بەناونیشانی "ڕۆڵی بەرنامە گفتوگۆ سیاسیەكان لە پێكهێنانی هۆشیاریی لە نێوان گەنجانی پاكستان بەنموونە هەڵبژاردنە گشتیەكانی" 2013.

ئامانجی توێژینەوەكە بریتییە لە زانینی ڕۆڵی بەرنامەی گفتوگۆی سیاسی لە پێكهێنانی هۆشیاری سیاسی لە نێوان گەنجانی پاكستانی و پێوانەكردنی ئاستی هۆشیاری سیاسی و زانیاری سیاسی و بەشداریكردنیان لە هەڵبژاردنەكان، پشت بە میتۆدی ڕووپێوی بەستراوە بە بەكارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی. كۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە كۆلێژە حكومییەكانی زانكۆی فیصل ئاباد (پاكستان)، هەڵبژاردنی (200) قوتابی بەشێوەی ناهەڕەمەكی وەك نموونەی توێژینەوە.

**دەرەنجامەكانی ئەم توێژینەوەیە بریتین لە:**

أ. بەرنامەی گفتوگۆی سیاسی لەسەر گەنجان كاریگەرە و ڕۆڵێكی سەرەكی هەیە لە پێكهێنانی هۆشیاریی سیاسی بۆ گەنجان و پاڵنەرە بۆ بەشداریكردن لە پرۆسەی سیاسی.

ب. لە (44.5٪) تاكەكانی نموونە بڕوایان وایە بەرنامەی گفتوگۆی سیاسی، زانیاری و مەعریفە و هۆشیاری دەربارەی بابەتە سیاسییەكان دەگوازێتەوە.

**2.** توێژینەوەی **د. أحمد محمد صالح العمیری (2020)** بەناونیشانی **"ڕۆڵی بەرنامەی گفتوگۆی كەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەكانە لە پەرەپێدانی هۆشیاریی قوتابیانی زانكۆ لە مەترسی دەنگۆكان"** (أحمد، 2020، ل278).

ئامانجی توێژینەوەكە دەستنیشانكردنی ڕۆڵی بەرنامەی گفتوگۆی كەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەكانە لە پەرەپێدانی هۆشیاریی قوتابیانی زانكۆ لە مەترسی دەنگۆكان و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان ڕێژەی سەیركردنی گەنجان بۆ بەرنامەی كەناڵە ئاسمانییە عەرەبیەكان و كاریگەرییەكانی.

توێژینەوەیەکی وەسفییە، توێژەر میتۆدی ڕووپێوی و فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە بۆ نموونەیەکی مەبەستدار لە قوتابیانی زانکۆکانی (بورسعيد، جامعة المنصورة، جامعة 6 أكتوبر، جامعة سيناء) کە ژمارەیان 400 قوتابی بووە.

**گرنگترین دەرەنجامی توێژینەوەکە:**

گرنگترین ئەو ڕێگایانەی کە بەرنامەی گفتوگۆ بەکاریانهێناوە بۆ پەرەپێدانی هۆشیاریی لە مەترسی دەنگۆکان ئەوەیە هەر دەنگۆیەک کە بڵاوکراوەتەوە بە خێرایی وەڵامی دەنگۆکە بدرێتەوە، چونکە بەرنامەی گفتوگۆکان کێبڕکێ دەکەن لەگەڵ یەکتر بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین بینەر. کەناڵە ئاسمانییە عەرەبیەکان بە پلەی یەکەمی ئەو ئامرازانە هاتبوون کە گەنجان پشتیان پێ بەستووە بۆ پەرەدان بە هۆشیاریی خەڵک بەگشتی و گەنجان بەتایبەتی لەبارەی چۆنیەتی هەڵبەستانی ئەم دەنگۆیانە.

## زانیارینامەی توێژینەوەکە

### 2- کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان

### 2-1- کورتەیەك لەبارەی پەخشی کەناڵە ئاسمانییەکان:

کەناڵە ئاسمانییەکان بریتین لە ئامرازێکی گەیاندن و پەخش لە ڕێگەی بەکارهێنانی مانگە دەستکردەکانەوە لە بۆشایی ئاسمان بەمەبەستی گەیاندنی سیگناڵەکان لە بەرگەهەوای زەوی (لە ڕێگەی ئینتەرنێت، techopedia)، کە لەلایەن کەسانێک یان حزب و دەستە و گروپ و کۆمپانیاکانەوە پاڵپشتی دارایی دەکرێن (سامي، 2004، ص77).

پەخشی تەلەڤزیۆنی لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکان کاریگەرە لەسەر بینەران، بەتایبەت بەهۆی بوونی بەرنامەی جۆراو جۆر لەڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە (منى، 2005، ص76)، کە بەهۆیەوە تەلەڤزیۆن دەچێتە هەموو ماڵێك، دیمەن و دەنگەکان کۆ دەکەنەوە، دەتوانن ڕووداوەکان لەهەمان کاتدا پێشکەش بکەن (على، 2014، ص19_20)، بەهۆی ناردنی مانگە دەستکردەکان بۆ بۆشایی ئاسمان، تەلەڤزیۆن لە کەناڵێکی لۆکاڵییەوە گۆڕا بۆ ناوەندێکی نێودەوڵەتی (ڕۆژە، 2014، ل81). کەناڵە ئاسمانییەکان توانایەکی زۆریان هەیە لەڕاکێشانی سەرنجی بینەران و کاریگەری خستنەسەریان (Shirley, 2011, p. 147, 148).

کەناڵە ئاسمانییەکان لە دیدی توێژەرەوە بریتییە لە دامەزراوەیەك و ئامرازێکی پەیوەندیی جەماوەرییە، بە هۆی بوونی مانگە دەستکردەکانەوە پەیامەکانی پەخش و بڵاودەکاتەوە، بەیەکێك لەکاریگەرترین ئامراز دادەنرێت لە ئاراستەکردنی جەماوەر بە بەراورد لەگەڵ ئامرازەکانی دیکەی ڕاگەیاندنی جەماوەری، ئەمەش بەهۆی بەیەکەوە بەستنی وێنە و دەنگ و ڕەنگ و وشە و جولە، وادەکات کاریگەری زیاتر لە سەر هزر و ڕەفتاری وەرگران دابنێت و لەتوانای دابێت ئاستی هۆشیاریی بەرزتر بکاتەوە و کۆنترۆڵی هەستەوەرەکانی بینین و بیستن و هەست و سۆز و هزری بینەر بکات.

**2-2- ناساندنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان:**

مەبەست لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، ئەو کەناڵە ئاسمانییە کوردییانەن کە لە هەرێمی کوردستان وەك ئامرازێکی ڕاگەیاندنی جەماوەری بەرنامەکانیان، لەڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە پەخش و بڵاو دەکەنەوە، ئینجا بابەتەکان گشتی بێت یاخود تایبەتمەند بێت بە بوارێکی دیاریکراوی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری، وەرزشی، هونەری،...هتد) (بەشدار، 2016، ل7).

**2-3-سەرهەڵدانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان:**

سەرهەڵدانی کەناڵی ئاسمانی کوردی بۆ یەکەمجار لە مێژووی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کوردیدا، کەناڵی ئاسمانی مەد تیڤی (Med TV) لە 15ی گوڵانی 1995 بەشێوەی فەرمی لە بەریتانیاوە ڕۆژانە شەش کاتژمێر پەخشی بەرنامەکانی خۆی دەستپێکرد. یەکەم کەناڵی ئاسمانی کوردی لە سەر خاکی هەرێمی کوردستان لە 1998/12/15 لە شاری هەولێر بە ناوی (کوردستان تیڤی-KTV) پەخشی ئەزموونی دەستپێکرد، ئەو کەناڵە لە 1999/1/17 قۆناغی ئەزموونی تێپەڕاند و یەکەم بەرنامەی خۆی پەخشکرد. (Kurdistan TV) لەم چەند ساڵەی دواییدا زیاتر ئاراستەی هەواڵی وەرگرتووە و سەر بە دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە (سێرگێی و مەغدید، 2013، ل97)، دامەزراندنی کەناڵی ئاسمانی (کوردستان تیڤی) لە هەرێمی کوردستانی عێراق، بە ڕووداوێکی مێژوویی دەژمێردرێت، چونکە بۆ یەکەمجارە کەناڵی لەو جۆرە لە هەرێم دابمەزرێت (حەبیب، 2006، ل90). لەسەرەتای هەزارەی سێیەم لە ئێوارەی 2000/1/1 لە شاری سلێمانی کەناڵی

ئاسمانی (Kurdsat) لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەستی بە پەخش کرد (مەحمود، و: ڕابەر، 2013، ل203). دواتر زاگرۆس تیڤی لە 2005/6/13 وەکو کەناڵێکی سەتەلایت دامەزراوە، کەناڵێکی میللی سەرانسەری و کوردستانی بوو و گرنگی بە زمان و مێژوو و کلتوری کوردی دەدا (دکتۆر، 2009، ل19)، کەناڵی زاگرۆس ئێستا بە زمانی عەرەبی هەواڵ و زانیاری و بەرنامەکانی بڵاو دەکاتەوە. کەناڵی ئاسمانی جەماوەر لە ساڵی 2007 (سێرگێی و مەغدید، 2013، ل90) و کەناڵی ئاسمانی (Vin) لە 2007/7/15 کە بارەگای سەرەکی لە شاری دهۆك بوو.

کەناڵی ئاسمانی پەیام لە 2008/12/1 (مەحمود، و: ڕابەر، 2013، ل213--214) و کەناڵی (KNN) لە 2008 /12/31 و کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان (Gali Kurdistan) لە 1ی حوزێرانی 2009 و کەناڵی ئاسمانی سپێدە لە 2009/6/16، کەناڵی کۆڕەك لە 2009/12/1 وەك یەکەم کەناڵی موزیکی و هونەریی کوردی دەستی بە پەخشکرد. کەناڵ چوار لە کۆتایی 2010، کەناڵی نەورۆز لە 8/1/ 2008 کرایەوە و لە 2010/6/1 پەخشەکەی وەستا و جارێکی دیکە بە ناوی پەرلەمان لە 2011/3/1 دەستی بە پەخشکردەوە. کەناڵی ئاسمانی کەرکووك لە 2011/9/3، کەناڵی ئاسمانی هەولێر لە 11ی نیسانی 2011، کەناڵی ئاسمانی بادینان لە 2012/8/17 (سێرگێی و مەغدید، 2013، ل100،112) یەکەمین کەناڵی تایبەت بە منداڵان بەناوی پێلیستانك لە 2012/5/1، کەناڵی ئاسمانی کوردماکس لە 7/5/ 2012، کەناڵی ئاسمانی ڕووداو لە 2013/5/29 (ئەحمەد، 2017، ل50). کەناڵی ئاسمانی ئامۆژگاری لە ڕێکەوتی 2014/1/9 بەشێوەیەکی فەرمی دەستی بە پەخشکرد (جوان، 2017، ل64).

تۆڕی میدیایی وار لە 2014/3/20 دامەزراوە، بە شێوەزاری بادینی پەخش دەکرێت، نوسینگەی سەرەکی لە شاری دهۆکە (حسن، 2022/7/15). کەناڵی ئاسمانی کوردستان24 شەوی ٣١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٥ دەستی بە پەخشکرد (ماڵپەری کوردستان24، 2022). کەناڵی ئاسمانی ئاڤا ( Ava Entertainment) لە 2019/3/20 دەستی بە پەخش کرد (www.kurdistan24.net، 2022). (NRT) کەناڵێکی هەواڵیی سیاسییە و لە ساڵی ٢٠١٠ دامەزراوە، (NRT2) کەناڵێکی خۆشباریی (ترفیهیە) لە ساڵی ٢٠١٢ دامەزراوە، (NRT3) کەناڵێکی پەروەدەیی، خۆشباریی تایبەت بە منداڵانە،

لە٢٠١٩/٢/١٠، (NRT4) کەناڵێکی ئاینی و کۆمەڵایەتیە لە ٢٠١٩/٥/١ دامەزراوە، هەروەها کەناڵی ( NRT Sport) کەناڵێکی وەرزشیە لە ٢٠٢١/٩/١ دامەزراوە (ماڵپەڕیNRT، 2022/8/23).

## 3- بەرنامەکانی پەیوەست بە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی

### 3-1- چەمك و پێناسەی بەرنامەی تەلەڤزیۆنی:

"محمود فایز" جەخت لەسەر ڕەگەزەکانی بەرنامە دەکاتەوە "بەرنامەی تەلەڤزیۆنی شێوەیەکە لە شێوەکانی بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنی کە پێشکەشکارێك بەڕێوەی دەبات و بابەتێك هەڵدەبژێرێت کە جێگەی بایەخ و سەرنجی جەماوەرە" (محمود، 2009، ص7)، بۆ هەر پرۆگرامێك تیمێك بەیەکەوە کار دەکەن لە پێشکەشکار و ئامادەکار و بەرهەمهێنەر و هونەرییەکان (چۆلی، 2022، ل14).

بەرنامەی تەلەڤزیۆنی ژانرێکە لە ژانرەکانی تەلەڤزیۆن، لەکاتێکی دیاریکراودا پێشکەش دەکرێت، ناوێکی نەگۆڕی هەیە، ڕۆژانە یان هەفتانە یان دوو هەفتە جارێك یان مانگانە پێشکەش دەکرێت بۆ خستنەڕووی بابەتێك لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، هونەری، ڕۆشنبیری، زانستی، ئابووری، وەرزشی. ئامانجێکی دیاریکراوی خۆی هەیە وەکو فێرکردن، ڕۆشنبیرکردن، ئاراستەکردن، کات بەسەربردن، پشت بە وێنە و دەنگ دەبەستێت. دەتوانرێت پێشتر تۆمار بکرێت، دەشتوانرێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەخش بکرێت (شیلان، 2014، ل30).

بەرنامەی تەلەڤزیۆنی ڕەگەزێکی سەرەکی هەر کەناڵێکی تەلەڤزیۆنییە، کۆی بەرنامە پەخشکراوەکان دەبن بە ناسنامەی کەناڵەکە. بەرنامەکانیش جۆراوجۆرن لە سیاسی و هەواڵی و بەڵگەنامەیی و هەمەرەنگ و ڕۆشنبیری و ئایینی ... هتد، هەریەکێك لەو جۆرانە ئاراستەی توێژێك یان زیاتر لە توێژەکانی کۆمەڵ دەکرێن. دواتر گۆشەی ئاراستەکە بەرتەسکتریش دەبێتەوە بۆ تەمەن و ڕەگەز و پیشە جیاوازەکان، بەرنامەکان لە سێ بواردا خزمەت دەکەن، کە بریتین لە (فێرکردن، ڕاگەیاندن، کاتبەسەربردن) (چۆلی، 2018، ل168).

دەتوانین بەرنامەی تەلەڤزیۆنی بەمشێوەیە پێناسە بکەین: ژانرێکە لە بەرهەمهێنانی تەلەڤزیۆنی، پانتاییەکی زۆری لە رووبەری پەخشی کەناڵە ئاسمانییەکان داگیر کردووە، ناوێکی جێگیری هەیە و بەشێوەیەکی خوولی لە کاتێکی دیاریکراو (ڕۆژانە، هەفتانە، مانگانە) پێشکەش دەکرێت. بیرۆکەیەك یاخود کۆمەڵێك بیرۆکە لە قالبێکی دیاریکراو دادەڕێژرێت بۆ گەیاندنی پەیامێك بە ئامانجێکی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دیاریکراو ئاراستەی چین و توێژێکی تایبەت یاخود جەماوەرێکی گشتی دەکرێت، زۆربەی جار بەرنامەی تەلەڤزیۆنی لە سێ ڕەگەزی سەرەکی پێکدێت کە بریتین لە(پێشکەشکار، میوانی بەرنامە، بابەتی گفتوگۆ) لە ڕێگەی بەکارهێنانی هونەرەکانی چاوپێکەوتن و گفتوگۆ دەبنە هۆی بەدەستهێنان و خستنەڕووی زانیاری و بیروبۆچوون و ڕای جیاواز لە پێناو بە دیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو.

**2-3-ئەرکەکانی بەرنامەی تەلەڤزیۆنی:**

لە خوارەوە لەچەند خاڵێکدا ئەو ئەرکانە دەخەینەڕوو کە پەوەستن بە هۆشیارکردنەوەی بینەران:

1. **ئەرکی گەیاندنی هەواڵ و زانیاری:** گفتوگۆ دەکرێت بۆ بە دەستهێنانی هەواڵ و زانیاری نوێ سەبارەت بە ڕوداوە گرنگەکان لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و وەرزشی و ڕۆشنبیری و هونەری (محسن، 2005، ص88).
2. **ئەرکی هۆشیاریی و ڕۆشنبیرکردن:** واتا زیادکردنی مەعریفە و هۆشیاریی و ڕۆشنبیرکردنی جەماوەر لە ڕێگەی گفتوگۆکردن لەگەڵ ڕۆشنبیران و هونەرمەندان (حافظ، 2005، ص271). دەبێتە هۆی هۆشیاریی تاکەکان و زیادکردنی کارامەیی و گەشەپێدانی تواناکانیان (محسن، 2012، ص129).

بەرنامەی تەلەڤزیۆنی بەردەوام کار لەسەر هۆشیارکردنەوەی جەماوەر دەکەن لەڕێگەی خستنەڕووی نموونەی زیندوو و تازە و بایەخدان بەگۆڕانکاری و گەشەپێدان و هەستی هاوڵاتیبوون و خواستی لەبەشداریکردن لە بنیاتنان و پێکهێنانی ناسنامەی نیشتیمانی, هانی تاك دەدات پابەندبێت بە بنیاتنانی کەسێتی و گەشەسەندنی بیرکردنەوەی تاك لە ڕێگەی ئەو ناوەڕۆکە جیاوازانەی کە پێشکەش دەکرێن و دەبنەهۆی هۆشیاریی و ڕۆشنبیرکردنی تاکەکان.

3. **ئەرکی پەروەردەیی و فێرکاری:** بریتییە لە بڵاوکردنەوەی زانیاری و بیرۆکە و بەها لە نێوان چین و توێژەکان بە جیاوازی تەمەن و پیشە و ڕۆشنبیرییان، بەرنامەکانی تەلەڤزیۆن بەها و پرەنسیپەکان پەخش دەکەن و پارێزگارییان لێ دەکەن (محسن، 2012، ص134).
4. **ئەرکی بەدواداچوون و چارەسەرکردنی کێشەکان:** بەدواداچوون و ڕوونکردنەوەی دیاردە و ڕووداوەکان لە ڕەهەندە جیاجیاکانی ژیان ئەرکی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانە (حافظ، 2005، ص271)، وەك: ڕوونکردنەوەی بیرۆکە، دیاردەیەك، هەڵسەنگاندنی ئەزموونێك، دۆزینەوەی

ڕاستییەکان، شرۆڤەکردنی هەڵوێستی ناڕوون بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانیان (محسن، 2005، ص109).

5. **ئەرکی پابەندبوونی کۆمەڵایەتی:** پابەندبوونی کۆمەڵایەتی بەدی دێت لەڕێگەی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی و شیکردنەوەی ڕووداو و زانیارییەکان، دواتر یەکخستن و کۆدەنگی لە بارەی هەڵوێستە جیاوازەکان بە ئامانجی کۆکردنەوەی خێزان و دروستکردنی کۆڕای تاکەکان لەسەر ڕووداو و پێشهاتەکان.

6. **ئەرکی گاڵتەوگەپ و هونەری:** ئەم ئەرکە بریتیە لە پرۆسەیەك بۆ پشتگیریکردنی لایەنی ڕۆحی کە ئەرکێکی دیکەی ڕاگەیاندنە، ئەویش لە ڕێگەی پێشکەشکردنی بابەت و پرۆگرامی هەمەرەنگ و جۆراوجۆر(حنان قندوزی، 2017، ص28)، وەك: چیرۆك و نوکتە و بابەتی سەرنج ڕاکێش، پێشبڕکێ و یاریکردن. ئەم بوارە گرنگە بۆ حەسانەوەی بینەر، جگە لەمانە دەتوانرێت لەڕێگەی ئەم پرۆگرامانەوە هەڵوێستی گرنگ و تەنز و ڕەخنەئامێز ئاراستەی بینەر و لایەنی پەیوەندیداربکات.

### 3-3- ئامانجەکانی بەرنامەی تەلەڤزیۆنی:

هەر بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی کۆمەڵێك ئامانجی لەپشتەوەیە، لەچەند خاڵێك پوختی دەکەینەوە:

1. **ئامانجی ئەقڵی:** بەرنامەکان کاردەکەن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانینی تاك و ڕۆڵیان لە بەرزکردنەوەی مەعریفی و زانیاری تاك (برياح و حاج، 2016، ص70_71).

2. **ئامانجە دەروونی و ویژدانییەکان:** گەشەپێدانی هەست و سۆز، یارمەتیدان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گروپە کۆمەڵایەتییەکان، بەشداریکردن لە بونیادنانی کەسایەتی. هەوڵدان بۆ نەهێشتن و کەمکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ و شەڕانگێزی و هەموو ئەو کردارانەی کە مرۆڤایەتی لەناو دەبەن (بەهات، 2018، ص53).

3. **ئامانجە تەندروستییەکان:** بریتییە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی لەبارەی چەمکە تەندروستیەکان، وەك: هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لە مەترسیی نەخۆشییەکان، هاندانی ئەو دەسەڵاتانەی کە بەرپرسیارن لە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانیان بە باشترین شێوە (شهيناز، 2021، ص36).

4. **ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان:** خستنەڕووی بەهاکانی کۆمەڵایەتی وەک یارمەتیدانی کەسانیتر، هاوکاریکردنی هەژاران، هاوڕێیەتی، خۆشەویستی کار و کۆڵنەدان...هتد، وە بڵاوکردنەوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هۆشیاریی و لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵ و کاریگەری و شێوازەکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، پاراستنی فەرهەنگ و ناسنامەی کلتور و داب و نەریت و نزیکبوونەوەی ئەندامانی خێزان (حنان، 2017، ص37).

5. **ئامانجە سیاسییەکان:** گرینگیەکەی لە خواستە سەرەتاییەکانی تاک و پێداویستییەکانی ژیان و بژێوی ڕۆژانەی کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێت، بەو پێیەی پێداویستییەکانی تاک بە تایبەتی و پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی بەستراوەتەوە بە سیاسەتەوە (عبد، 2020، ص55).

**3-4-چەمك و پێناسەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی:**

فەرهەنگی کامبریج (Cambridge dictionary)" لەڕووی زمانەوانییەوە، هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بەمشێوەیە پێناسە دەکات: زانین و تێگەیشتن لە بارودۆخێک یان بابەتێک بەپێی زانیاری یان ئەزموون (شعبان، 2019، ل115).

هۆشیاریی لە وشەی(Awareness)ی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە. هۆشیاریی بیرۆکە و پرۆسەیەکە لە دەرککردن و ئەزموون لەکاتێکی دیاریکراو بە عەقڵی مرۆڤ تێپەڕ دەبێت. ئەو مرۆڤانەی کە هۆشیارن، مرۆڤانێکن هەست بە ژیان و دەوروبەر و سوود و قازانجی شتەکان دەکەن (الجیشی، 2019، ل115).

"فەرهەنگی کامبریج" بەمشێوەیە پێناسەی چەمکی (Social) دەکات: بریتییە لە بوونی پەیوەندیەك لەنێوان مرۆڤەکان وەك هاوڕێیەتی، یان بوونی ڕێکخراو و گروپە کۆمەڵایەتییەکان، مامەڵەکردنیان لەگەڵ یەکتر و بەشداریکردن لە بۆنەی خۆشی و ناخۆشی و کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵایەتیدا، بەیەکەوە دەژین لە چوارچێوەی جوگرافیایەکی دیاریکراودا کە پێی دەگووترێت کۆمەڵگە و کاریگەریان لەسەر یەکتر هەیە (dictionary.cambridge). کاتێك وشەی(Social) بەمانای کۆمەڵایەتی دێت، هەردوو وشە بەیەکەوە (Social Awareness) بەمانای هۆشیاریی کۆمەڵایەتی دێت.

مەبەست لە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی درککردنی تاکەکانی کۆمەڵگەیە بەو ڕووداوانەی کە لە ژینگەی دەوروبەر ڕوودەدەن، وێڕای بەئاگابوونی تاکەکان لە ئەرك و مافەکانیان (چنار، 2021، ل72).

"Netra Karambelkar" جەخت لەسەر بە ئاگابوون دەکاتەوە: بریتییە لە ئاگاداربوون لەو کێشە و گۆڕانکارییانەی کە لە ناوچەکە و دەوروبەر و جیهان ڕوودەدەن، لەم نێوەندەشدا میدیا ڕێگەیەکە بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی سەبارەت بە هەر پرسێک (Netra, 2020, p.1504).

**3-5-ئەرکەکانی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی:** (شعبان، 2019، ل121):

1. **ئەرکی زانین:** بەرژەوەندی چینە کۆمەڵایەتییەکان ڕوون دەکاتەوە، یاساییە یان نایاساییە یاخود لەگەڵ داب و نەریت دەگونجێت یان ناگونجێت.
2. **ئەرکی پەروەردەیی:** یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی هۆشیاریی و گرنگە بۆ بەردەوامبوونی ژیانی مرۆڤ لەچوارچێوەی کۆمەڵایەتی، ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە(دیدگا و کردار و ئاراستە ئەخلاقییەکان، مەعریفە، کارامەیی و ئەزموونە کۆمەلایەتییەکان، کەلەپور و کەلتوور).
3. **ئەرکی دەروونی:** دەکرێ بگووترێت هۆشیاریی ئەرکی دەروونی لە ئەستۆدایە لە هەڵوێستەکان، بەمەبەستی بروایپێهێنان، یان چۆنیەتی پەیوەندیەکردن و پەیوەستی نێوان مرۆڤەکان.
4. **ئەرکی نەتەوەیی:** هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بەشداری ڕاستەقینە دەکات لە بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و سەقامگیرکردنی کۆمەڵگا و ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییەکان.
5. **ئەرکی پارێزگاریکردن لە ناسنامەی کۆمەڵگە:** هۆشیاریی کۆمەڵایەتی یارمەتی کۆمەڵگە دەدات لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەری دادێت وا لە کۆمەڵگە دەکات سەقامگیر و یەکگرتوو بیت (سفیان، 2012، ل79)، چونکە هۆشیاریی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە بونیادنانی کۆمەڵگە و بەدیهێنانی ئامانجی تاکەکان و یەکتر قەبوڵکردنیان (جلال، 2014، ل74).

**3-6-ڕۆڵی بەرنامەی تەلەڤزیۆنی لە بڵاوکردنەوەی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵایەتی:**

کەناڵە ئاسمانییەکان لە ڕێگەی بەرنامە ڕۆشنبیرییەکان دەبنە هۆی بونیادنانی ئاراستە، هەروەها بە هۆی ئەرکەکانییەوە کاریگەرییان لەسەر هۆشیاریی جەماوەر هەیە. بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زۆربەی جار سروشتێکی جیاوازییان هەیە لە ئاراستەکردنی جەماوەر، پەیوەندییەك هەیە لە نێوان ناوەڕۆکی بەرنامەکان لەگەڵ ڕەوشت و بەها و ڕەفتارەکانی جەماوەر (الهام، 2006، ص203).

تەلەڤزیۆن لەڕێگەی بەرنامەکانییەوە گفتوگۆ دەکات لەگەڵ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە ڕۆشنبیر و خوێندەوار و نەخوێندەوار، گەورە و بچووك و پیاو و ژن بەپێی ئاستە کۆمەڵایەتییەکان (راضي، لە ڕێگەی ئینتەرنێت)، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە هەموو کۆمەڵگەکان ئامرازی گواستنەوەی شێوەکانی بیرکردنەوە و زانین و هۆشیاریی و بەهاکان(عبدالجبار، 2008، ص125)، ئامانجی سەرەکی هۆشیاریی بریتییە لە پێدانی زانیاری و ڕەفتاری ڕاست و دروست، بەجۆرێك کە هاوشان بێت لەگەڵ ئەو تایبەتمەندی و نەریتانەی کە لە کۆمەڵگەکەدا بوونیان هەیە. کە دەبێتەهۆی دروستکردنی ڕێژەیەکی بەرز لە مەعریفە و هۆشیاریی لە لایەن ئەوانەی وەرگرن (شێروان، 2011، ل70)

هەندێکجار بەهۆی نەزانی بێت یاخود بە مەبەست و ئامانجی دیاریکراوبێت، ناوەڕۆکی بەرنامەکان زیان بە داب و نەریت و بیروباوەڕەکان دەگەیەنن و تاك بەرەو بە لاڕێبردندا ئاراستە دەکەن. لەوانەشە کەناڵی ئاسمانی کوردی هەبێت تەنها بە مەبەستی پڕکردنەوەی کاتژمێرەکانی پەخشەکەیان بەرنامە پێشکەش بکەن، ئەوکاتانە بەرنامەکان نەك هەر تەنها ناتوانن تاك هۆشیار بکەنەوە، بەڵکو ناتوانن ئامانجەکانیان بەدی بهێنن و هیچ کاریگەرییەکیش لەسەر تاك بەجێ ناهێڵن.

## 4- لایەنی شیکاریی توێژینەوەکە:

### 4-1- یەکەی شیکردنەوەی ناوەڕۆك

1. **یەکەی بابەت:** یەکەی بابەت لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان وەك ژانرێك لە ژانرەکانی کەناڵە ئاسمانییەکان کە کاتێکی زۆری بۆ تەرخان دەکرێت بە مەبەستی شرۆڤەکردن و ڕوونکردنەوەی پرس و بابەتەکان. یەکەی بابەت لەم توێژینەوە بە تایبەت مەبەست ئەو بەرنامانەیە کە سروشت و ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتیان هەیە.
2. **یەکەی بیرۆکە:** بریتییە لەو بابەت و ناوەڕۆکانەی کە پەیوەستن بە لایەنی کۆمەڵایەتی و لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکاندا باس دەکرێن، وەك پەیڕەوکردنی ئیتیکی پیشەیی و بەرپرسیارێتی کار، تەواوی ئەو بیرۆکە و ڕەفتار و گوفتارانەی پەیوەستن بە بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر، وەك

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پرس و بابەت و ڕووداو و پێشهات و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، لەگەڵ دەستنیشانکردنی هۆکار و ڕێگە چارەسەری بۆ هەریەك لەم پرس و بابەتانە، لەم توێژینەوەیەدا شیکردنەوەیان بۆ کراوە لە چوارچێوەی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانی نموونەی توێژینەوە.

**4-2- توێژەکانی شیکردنەوە:**

ئەو توێژانە دەگرێتەخۆ کە پەیوەستن بە دیاریکردنی چوارچێوەی بابەت، کە هاوکاردەبن لە دەستنیشانکردنی گرنگی بابەتەکە، توێژەکانی شیکردنەوە لەم توێژینەوەیەدا دابەش دەبن بۆ دوو توێژی سەرەکی کە ئەمانەی خوارەوەن:

1. **توێژەکانی شیکردنەوەی (چۆن گوتراوە):** ئەو توێژانەش پەیوەستن بە تەوەرەکانی بەرنامە، ژمارەی ئەو پرس و بابەتانەی لە بەرنامەکە خراونەتەڕوو، هاوسەنگی لە خستنەڕووی پرس و بابەتەکان، شێوازی پەخش وشوێنی تۆمارکردنی بەرنامەکان. لەگەڵ خستنەڕووی جۆر و ڕەگەز و ژمارە و کار و پیشە و پسپۆڕی میوانەکانی بەرنامە.
2. **توێژەکانی شیکردنەوەی (چی گوتراوە):** لەم توێژینەوەیە ئەو توێژانەی بایەخیان پێدراوە بریتین لە هەریەك لە جۆری ئەو پرس و بابەتە کۆمەڵایەتیانەی لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان خراونەتەڕوو، شێوازی باسکردنیان و بەکارهێنانی شێواز و میکانزمەکانی بڕواپێهێنان لە بەرنامەکە. هەروەها ئەو ناوەڕۆکانەی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان پێشکەشیان کردووە لە ڕەهەندەکانی تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی و کارلێکی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتییەوە چاوەڕوان دەکرێت چ لێکەوتە و دەرهاوێشتەیەکی دەبێت. شیکردنەوەی ئەم بوارانە بەشێوەیەکی زانستی و بابەتیانە، خزمەت بە ئامانجەکانی توێژینەوە دەکەن و یارمەتیدەرن بۆ گەیشتن بە ئەنجامی ڕاست و دروست.

**4-3-پێوەری ڕاستی و ڕادەی جێگیریی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆك:**

بە مەبەستی گەیشتن بە ڕواڵەتە دروستی (صدق الظاهري) توێژەر ئەم هەنگاوانەی گرتۆبەر:

1. **دانانی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆك:** فۆرمەکە لەسەر بنەمای زانستی و بە پشتبەستن بە هەریەك لە کێشە و ئامانج و پرسیارەکانی توێژینەوەکە ئامادەکراوە.

**2. پێوەری ڕاستی:** بەمەبەستی دڵنیابوون لە ڕێکخستنی فۆڕمی شیکردنەوەی ناوەڕۆك و گونجانی لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکەدا و دوای ئامادەکردنی فۆرمی ڕاپرسی و دارشتنی پرسیار و برگەکانی فۆڕمی شیکردنەوەی ناوەڕۆك، دواتر (11) شارەزا و پسپۆری ئەکادیمی هەڵسەنگاندنییان بۆ کردووە، لە خوارەوە ئاماژە بە ناوەکانیان کراوە:

1) پ.د. تاهر حسۆ زێباری، زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر/ کۆلیژی ئاداب/ کۆمەڵناسی
2) پ.د. هێرش ڕەسول موراد، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی/ کۆلیژی تەکنیکی کارگێری/ کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن
3) پ.د. هێمن مەجید حسن، زانکۆی سلێمانی/ سکۆلی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ ڕاگەیاندن/ ڕاگەیاندن و هۆشیاری
4) پ.ی.د. مەغدید خدر ئەحمەد، زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر/ کۆلیژی ئاداب/ ڕاگەیاندن_ ڕۆژنامە
5) پ.ی.د. عبدالله خورشید، زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر/ کۆلیژی ئاداب/ کۆمەڵناسی
6) پ.ی.د. یەحیا عمر ڕێشاوی، زانکۆی سلێمانی/ سکۆلی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ ڕاگەیاندن/ ڕادیۆ و تەلەفزیۆن
7) پ.ی.د. بەهات حەسیب قەرەداخی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر/ کۆلیژی تەکنیکی کارگیری هەولێر/ ڕاگەیاندن- تەلەڤزیۆن
8) پ.ی.د. ئاراز ڕەمەزان أحمد، زانکۆی ڕاپەڕین، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی کارگێڕی
9) پ.ی.د. صاق حمەغریب حمەصالح، زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر/ کۆلیژی ئاداب/ پێگە ئەلیکترۆنییەکان
10)پ.ی.د. جوان بهاالدین علی، زانکۆی کۆیە/ فاکەلتی پەروەردە/ بەشی پەروەردە و دەروونزانی
11) پ.ی.د. عبدالخالق ابراهیم مستەفا، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر/ کۆلیژی تەکنیکی کارگیری هەولێر/ پێگە ئەلیکترۆنییەکان

بەپێی سەرنج و بۆچوون و تێبینییەکانی هەڵسەنگێنەران، گۆڕانکاری لە چەند برگەیەکی پرسیارەکانی ناو فۆرمەکە کرا، دواجار لە ڕێگەی بەکارهێنانی هاوکێشەی (Content validity) ڕادەی دروستی فۆرمەکە دەرهێنرا کە بریتییە لە (95.42%)، ئەم ڕێژەیەش لە ڕوانگەی زانستییەوە ڕادەیەکی بەرزی پلەی ڕاستییە و جێگەی متمانەیە بۆ کۆکردنەوەی داتا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3. **ڕادەی جێگیری:** توێژەر دوای دوو هەفتە لە شیکردنەوەی یەکەم، دووبارە شیکردنەوەی بۆ هەمان ڕێژە کردەوە. لێرەدا ڕادەی جێگری لەنێوان هەردوو شیکردنەوە گەیشتە (96.36)؛ ئەمەش لەڕووی زانستییەوە ڕێژەیەکی پەسەندکراوە.

جێگری توێژەری یەکەم= 2×165x 165/158= 95.76

جێگری توێژەری دووەم= 2×165x 165/160= 96.97

بە هەژمارکردنی ناوەندی ژمێریاریی نێوان بەهاکانی سەرەوە: 95.76+96.97÷2= 96.36

## 5- پراکتیکنامەی توێژینەوەکە

### 5-1- خستنەڕووی داتا و زانیارییەکانی نموونەی توێژینەوە:

لەم باسەدا بە وردی شرۆڤەی داتاکان و ئەنجامی فۆرمی شیکردنەوەی کراوە، دوای وەرگرتنی بەرنامەی (دەروون و دیاردە) لە کەناڵی کوردستان24 و بەرنامەی (فایل و دیاردە) لە کەناڵی کوردسات وەك نموونەی توێژینەوە، شیکردنەوە بۆ ناوەڕۆکی (12) ئەلقە بۆ هەریەك لەو بەرنامانە بە شێوەی دروستکردنی مانگی گریمانەیی بۆ ساڵێك لە ڕێگەی دروستکردنی فۆرمێکی شیکردنەوەی ناوەڕۆك، دوای کۆکردنەوەی داتا و ئامار و زانیارییەکانی پەیوەست بە هەریەك لەو بەرنامە تەلەڤزیۆنیانە، دواتر ئەنجامدانی کرداری بەتاڵکردن (تفریغ) بۆ زانیارییە بەدەستهاتووەکانی ناو فۆرمەکە، لە خوارەوە زانیارییەکان لە شێوەی خشتە، پۆلین و ڕێکخراوە و ڕوون کراوەتەوە، کە لە (7) خشتە پێکهاتووە، دواتر ئەنجامی توێژینەوە وەك دەرهاوێشتەیەکی ئەم داتا و زانیارییانە خراوەتەڕوو.

### لایەنی شیکاریی توێژینەوە

خشتەی (1) ئاستی پشتبەستنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان

| ژ | بوارەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەرنامەی تەندروستی | 4 | %17.39 | یەکەم(1) |
| 2 | بەرنامەی ژینگەیی | 0 | %0.0 | چوارەم(1) |
| 3 | بەرنامەی ئابووری | 4 | %17.39 | یەکەم(2) |
| 4 | بەرنامەی کۆمەڵایەتی | 4 | %17.39 | یەکەم(3) |
| 5 | بەرنامەی نەتەوەیی و نیشتیمانی | 1 | %4.35 | سێیەم |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 6 | بەرنامەی مێژوویی | 2 | %8.70 | دووەم |
| 7 | بەرنامەی سیاسی | 4 | %17.39 | یەکەم[4] |
| 8 | بەرنامەی ئایینی | 0 | %0.0 | چوارەم[2] |
| 9 | بەرنامەی هونەری | 4 | %17.39 | یەکەم[5] |
| | کۆی گشتی | 23 | %100 | |

خشتەی (1) ئاستی پشتبەستنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان لە ماوەی یەک مانگدا ڕوون دەکاتەوە، واتە لە مانگێکدا ئەو کەناڵە ئاسمانییە کوردییە چەند ئەڵقە لە بەرنامەی تەلەڤزیۆنی پێشکەش دەکات بۆ هەر یەکێك لەم بوارانەی کە لە خشتەکەدا ئاماژەی پێکراوە. دەرکەوتووە هەر یەك لە بوارەکانی "تەندروستی" و " کۆمەڵایەتی" و "سیاسی" و "هونەری" بە پلەی یەکەم و ڕێژەی (%17.39) هاتووە، واتە لە هەفتەیەکدا یەك ئەڵقە و لە مانگێکدا چوار ئەڵقەی بەرنامەیان لێ پێشکەش دەکرێت. هەروەها "بەرنامەی مێژوویی" بە پلەی دووەم و ڕێژەی (%8.70)، "بەرنامەی نیشتیمانی" بە پلەی سێیەم و ڕێژەی (%4.35) هاتووە.

دەتوانین بڵێین کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان پشت بە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان دەبەستن وەك ژانرێك لە ژانرە میدیاییەکان بە مەبەستی شرۆڤەکردن و ڕوونکردنەوەی پرس و بابەت و کێشە و گرفتەکان.

خشتەی (2) تەوەری سەرەکی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان

| ژ | تەوەرەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕووداوی ڕۆژ | 8 | %21.05 | سێیەم |
| 2 | بوونی دیاردە | 19 | %50 | یەکەم |
| 3 | بوونی حالەت | 1 | %2.63 | چوارەم(1) |
| 4 | بوونی کێشە و گرفت | 9 | %23.69 | دووەم |
| 5 | ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان | 1 | %2.63 | چوارەم(2) |
| | کۆی گشتی | 38 | %100 | |

خشتەی (2) تەوەری بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان ڕوون دەکاتەوە، دەرکەوتووە (دیاردە) بە پلەی یەکەم هاتووە بە ڕێژەی (%50)، هەروەها "بوونی کێشە و گرفت" بە پلەی دووەم هاتووە، بە دوای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم ڕێژەیەش "ڕووداوەکانی ڕۆژ" ڕیزبەندی پلەی سێیەمی وەرگرتووە. کەواتە نیوەی ئەو ئەلقەی بەرنامە تەلەڤزیۆنیانەی کە وەك نموونەی توێژینەوە وەرگیراون شرۆڤە و زانیارییەکانیان لەبارەی دیاردە بووە، یەکێك لە هۆکارەکان ئەوەیە کە دیاردەکان فرە ڕەهەندن و کاریگەری و لێکەوتەکانیشیان زیاتر و فراوانترە لەسەر وەرگر.

خشتەی (3) پیشە و پسپۆڕی ئەو میوانانەی بەشداربوونە لە بەرنامەکان

| ژ | کار و پیشە و پسپۆڕی میوانەکان | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پەرلەمانتار | 1 | %1.67 | حەوتەم(1) |
| 2 | بەرپرسانی حکومەت | 8 | %13.33 | دووەم |
| 3 | بەرپرسانی پارت و لایەنە سیاسییەکان | 0 | %0.0 | هەشتەم(1) |
| 4 | مامۆستای ئاینی | 2 | %3.33 | شەشەم(1) |
| 5 | شارەزا و ئەکادیمی | 11 | %18.33 | یەکەم |
| 6 | نووسەر و ڕۆژنامەنووس | 4 | %6.67 | چوارەم(1) |
| 7 | توێژەری کۆمەڵایەتی | 4 | %6.67 | چوارەم(2) |
| 8 | دەروونناس | 4 | %6.67 | چوارەم(3) |
| 9 | چالاکوان | 5 | %8.33 | سێیەم(1) |
| 10 | خاوەن پرس | 3 | %5 | پێنجەم(1) |
| 11 | هونەرمەند | 0 | %0.0 | هەشتەم(2) |
| 12 | پزیشك | 1 | %1.67 | حەوتەم(2) |
| 13 | پارێزەر | 5 | %8.33 | سێیەم(2) |
| 14 | ڕاوێژکاری یاسایی | 4 | %6.67 | چوارەم(4) |
| 15 | سەندیکا و کۆمەڵەکان | 2 | %3.33 | شەشەم(2) |
| 16 | بازرگان | 2 | %3.33 | شەشەم(3) |
| 17 | شارەزای تەکنیك | 1 | %1.67 | حەوتەم(3) |
| 18 | کەسانی ئاسایی | 3 | %5 | پێنجەم(2) |
| کۆی گشتی | | 60 | %100 | |

پیشە و پسپۆڕی ئەو میوانانەی بەشداربوونە لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان لە خشتەی (3) ڕوون کراوەتەوە. توێژەر ئەنجامی ئەم خشتەیە لە سێ ئاستی جیاوازدا دەخاتەڕوو، لە ئاستی یەکەمدا ئەوانەی زۆرترین ڕێژەی بەشداریکردنیان هەبووە و بە پلەی یەکەم و ڕێژەی (18.33%) میوانانی بەرنامە بریتی بوون لە "شارەزا و ئەکادیمییەکان"، هەروەها "بەرپرسانی حکومەت" بە پلەی دووەم و ڕێژەی (13.33%)، هەریەك لە "چالاکوان" و "پارێزەر" بە ڕێژەی (8.33%) و پلەی سێیەم هاتوون.

ئاستی دووەم کە شێوەیەکی مامناوەند لەخۆدەگرێت، میوانانی بەرنامە بریتی بوون لە هەریەك لە "مامۆستای ئایینی"، "سەندیکا و کۆمەڵەکان" و "بازرگان" بە ڕێژەی (3.33%) و پلەی شەشەمیان وەرگرتووە.

لە ئاستی سێیەمدا هەریەك لە کار و پیشە و پسپۆڕی ئەو میوانانەی بەشداربوونە لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان "پزیشك" و "شارەزای تەکنیك" و "پەرلەمانتار" بە پلەی حەوتەم و ڕێژەی (1.67%) کەمترین بەشداربوونیان هەبووە لەو بەرنامە تەلەڤزیۆنیانەی کە وەك نموونەی توێژینەوە وەرگیراون.

لەکاتێکدا لە "بەرپرسانی پارت و لایەنە سیاسییەکان" و "هونەرمەند" کە پێش شیکاریکردنی بەرنامەکان، وەك کار و پیشە و پسپۆڕی میوانانی بەشداربوو لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان توێژەر لەم فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆك ئاماژەی پێیکردبوو، بەڵام لە هیچ ئەلقەیەکی بەرنامەکاندا ئامادەبوونیان نەبووە، هۆکارەکەشی بۆئەوە دەگەڕێتەوە ئەو بەرنامانەی وەك نموونەی توێژینەوە وەرگیراون سروشتێکی کۆمەڵایەتیان هەیە و تێیدا تەوەرەکانی پەیوەست بە پرس و گرفت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەخرێنە بەر باس و تاوتوێ دەکرێن.

دەتوانین بڵێین بوونی "شارەزا و ئەکادیمییەکان" وەك پسپۆڕییەتی میوان لەم خشتەیەدا لە پلەبەندی یەکەمە، لەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە هەموو بوار و بابەت و پرسێکی دیاریکراودا، پسپۆڕییەتی و ئەکادیمی لەم بوارەشدا بوونی هەیە، بۆئەوەی تەوەری بەرنامەکانیش بە شێوازێکی ژیرانە و لۆژیکی و بابەتیانە بخرێنە بەر باس و گفتوگۆ، لە زۆربەی ئەڵقەکاندا میوانێکی پسپۆڕیی ئەکادیمی بانگهێشت دەکەن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (4) ئەو پرس و بابەتانەی لە بەرنامەکە خراونەتەڕوو

| ژ | پرس و بابەتەکان | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی% | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | جیابوونەوە | 2 | %1.39 | دەیەم[1] |
| 2 | کێشەی خێزانی | 6 | %4.17 | شەشەم |
| 3 | خیانەتی هاوسەری | 3 | %2.09 | نۆیەم[1] |
| 4 | ڕەفتاری توندوتیژ | 7 | %4.86 | پێنجەم[1] |
| 5 | لەشفرۆشی | 2 | %1.39 | دەیەم[2] |
| 6 | جنێودان و خراپ باسکردن لەلایەن کەسانیتر | 3 | %2.09 | نۆیەم[2] |
| 7 | بەکارهێنانی منداڵان | 3 | %2.09 | نۆیەم[3] |
| 8 | کوشتن | 4 | %2.78 | هەشتەم[1] |
| 9 | خۆکوشتن | 3 | %2.09 | نۆیەم[4] |
| 10 | چەکی بێ مۆڵەت | 2 | %1.39 | دەیەم[3] |
| 11 | ئاشتەواییکردن بە عەشایەری | 3 | %2.09 | نۆیەم[5] |
| 12 | خواردنەوەی مادده کحولیەکان | 5 | %3.47 | حەوتەم[1] |
| 13 | پاڵنەرە دەروونییەکان | 4 | %2.78 | هەشتەم[2] |
| 14 | بێرێزیکردن | 3 | %2.09 | نۆیەم[6] |
| 15 | هەڕەشەکردن | 3 | %2.09 | نۆیەم[7] |
| 16 | ناوزڕاندن | 2 | %1.32 | دەیەم[4] |
| 17 | هۆشیاریی کۆمەڵایەتی | 15 | %10.42 | یەکەم |
| 18 | گرنگی هەبوونی یاسا | 10 | %6.94 | سێیەم[1] |
| 19 | ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی | 2 | %1.39 | دەیەم[5] |
| 20 | ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی | 7 | %4.86 | پێنجەم[2] |
| 21 | ئازادی ڕادەربرین | 4 | %2.78 | هەشتەم[3] |
| 22 | کاریگەری دیجیتاڵ میدیا | 13 | %9.03 | دووەم |
| 23 | هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەی نەشیاو لە دیجیتاڵ میدیا | 2 | %1.39 | دەیەم[6] |
| 24 | تاوانی ئەلیکترۆنی | 5 | %3.47 | حەوتەم[2] |
| 25 | کاریگەری میدیا | 10 | %6.94 | سێیەم[2] |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 26 | ئیتیکی ڕاگەیاندن | 2 | %1.39 | دەیەم[7] |
| 27 | نەبوونی پلان | 2 | %1.39 | دەیەم[8] |
| 28 | گرانبوونی بازاڕ | 3 | %2.09 | نۆیەم[8] |
| 29 | بێکاری | 5 | %3.47 | حەوتەم[3] |
| 30 | داهات و خەرجی | 9 | %6.25 | چوارەم |
| | کۆی گشتی | 144 | %100 | |

خشتەی (4) ئەو پرس و بابەتانە ڕوون دەکاتەوە کە لە تەوەرە جیاجیای بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان خراونەتەڕوو و ئاماژەیان پێکراوە. بەشێوەیەکی گشتی ئەو چەمك و پرس و بابەتە کۆمەڵایەتییانەی لە ناوەڕۆکی بەرنامەکان بەکارهاتوون، توێژەر لە سێ ئاستی جیاوازدا دەیانخاتەڕوو.

ئاستی یەکەم هەریەك لە "هۆشیاریی کۆمەڵایەتی" بە پلەی یەکەم و ڕێژەی (10.42%) و "کاریگەری دیجیتاڵ میدیا" بە پلەی دووەم و ڕێژەی (9.03%)، هەروەها هەریەك لە چەمکەکانی "گرنگی هەبوونی یاسا" و "کاریگەری میدیا" بە پلەی سێیەم و ڕێژەی (6.94%) ئاماژەیان پێکراوە، چونکە بەو پێیەی بەرنامەکان سروشتێکی کۆمەڵایەتییان هەیە، بۆیە لە تەوەر و ناوەڕۆکەکانیاندا کێشە و گرفت و پرسە کۆمەڵایەتییەکان دەخرێتە بەر باس و گفتوگۆ.

هەروەها ئاستی دووەم کە شێوەیەکی مامناوەند لەخۆدەگرێت، هەریەك لە چەمکەکانی "ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی" بەرێژەی (4.86%) و "ڕەفتاری توندوتیژ" بەرێژەی (4.86%) و "کێشەی خێزانی" بەرێژەی (4.17%)، بە بەراورد لەگەڵ چەمك و دەستەواژەکانیتر، بە ڕێژەیەکی مامناوەند خراونەتەڕوو.

لە ئاستی سێیەمدا هەریەك لە چەمکەکانی "جیابوونەوە" ، "لەشفرۆشی"، "چەکی بێ مۆڵەت"، "ئاوزڕاندن"، "ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی"، "هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنەی نەشیاو لە دیجیتاڵ میدیا"، "ئیتیکی ڕاگەیاندن"، "نەبوونی پلان" بە پلەی دەیەم و ڕێژەی (1.39%) لە ناوەڕۆکی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکاندا باسیان لێوە کراوە. لەکاتێکدا "جگەرە و نێرگەلەکێشان" کە پێش شیکاریکردنی بەرنامەکان، توێژەر لەم فۆڕمەدا ئاماژەی پێیکردبوو، بەڵام لە ناوەڕۆکی بەرنامەکاندا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاماژەی پێ نەکراوە و باس نەکراون و تەوەری هیچ کام لەم ئەلقە بەرنامە تەلەڤزیۆنییانە نەبووە کە وەك نموونەی توێژینەوە وەرگیرابوون.

خشتەی (5) شێوازی باسکردنی پرس و بابەتەکان

| ژ | شێوازەکانی باسکردن | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بیرۆکەی دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی هۆکاری کێشەکان و خستنەڕووی چارەسەر | 21 | %27.27 | یەکەم |
| 2 | گفتوگۆ و خستنەڕووی ڕاوبۆچوونە جیاوازەکان | 19 | %24.68 | دووەم |
| 3 | خستنەرووی داتا و زانیاری | 6 | %7.79 | پێنجەم |
| 4 | خستنەڕووی بەڵگە و دۆکیۆمێنت | 14 | %18.18 | چوارەم |
| 5 | ڕەخنەی بونیاتنەر | 17 | %22.08 | سێیەم |
| | کۆی گشتی | 77 | %100 | |

چۆنیەتی و شێوازی باسکردنی پرس و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، دواجار پەیوەستن بە کارلێك و لێکەوتە و دەرهاوێشتەکانی بەرنامەکە، بۆیە توێژەر لەم خشتەیەدا جەختی لەسەر شێوازی خستنەڕووی بیرۆکە و پەیامی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان کردۆتەوە و دەرکەوتووە بە پلەی یەکەم و ڕێژەی (%27.27) لە ناوەڕۆکی بەرنامەکاندا "بیرۆکەی دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی هۆکاری کێشەکان و خستنەڕووی چارەسەر" بایەخی پێدراوە. بەدوای ئەم ڕێژەیەش بە پلەی دووەم و ڕێژەی (%24.68) لە میانەی پێشکەشکردنی بەرنامەکان "گفتوگۆ و خستنەڕووی ڕاوبۆچوونە جیاوازەکان" بایەخی پێدراوە. لەکاتێکدا سەرەڕای گرنگی خستنەڕووی داتا و ژمارە و ئامار، بەڵام بە پلەی پێنجەم و کەمترین ڕێژە (%7.79) بایەخی پێدراوە.

زۆربەی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان و لە نێویشیاندا ئەو بەرنامانەی پرس و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان دەخەنەڕوو، یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانیان بریتییە لە پەنجە دانان لەسەر برین و دیاردە و ڕووداو و پرسێکی کۆمەڵایەتی، بۆئەوەی لەلایەك هۆکارەکەی دەستنیشان بکەن، لەلایەکیترەوە نەخشە ڕێگەی چارەسەر بخخەنەڕوو، چونکە هەرکاتێك هۆکارەکان دەستنیشانکران چارەسەرکردنیش ئاسان دەبێت. ئەنجامی ئەم خشتەیە دەیسەلمێنێت بەشێکی زۆری بەرنامە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەلەڤزیۆنییەکان، لەنێویاندا بەرنامە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی بەڵگە و دۆکیۆمێنت و گفتوگۆ و سەرنج و ڕاوبۆچوونی جیاوازەوە دەبنە سەکۆیەك بۆ دەستنیشانکردنی هۆکاری دیاردە و کێشە و گرفتەکان، لە هەنگاوی کۆتایشدا چۆنیەتی خۆپارێزی و دوورکەوتنەوە لە دیاردەی نەرێنی و خستنەڕووی چارەسەرییەکان باس دەکرێن.

خشتەی (6) ناوەڕۆکی بەرنامەکان لە ڕەهەندی تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی

| ژ | ناوەڕۆك لە ڕەهەندی تێگەیشتنی کۆمەڵایەتی | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | پێدانی زانیاری لەبارەی واقیعی کۆمەڵایەتی | 18 | %12.77 | یەکەم |
| 2 | پێشکەشکردنی بیرۆکەی نوێ | 3 | %2.13 | دەیەم(1) |
| 3 | دروستکردنی بیری ڕەخنەگرانە | 6 | %4.26 | هەشتەم(1) |
| 4 | پێشکەشکردنی شارەزایی نوێ | 5 | %3.55 | نۆیەم(1) |
| 5 | توانای ڕێکخستنی خودی | 13 | %9.21 | چوارەم |
| 6 | پەروەردە و فێرکردن | 17 | %12.05 | دووەم |
| 7 | گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی | 11 | %7.80 | شەشەم(1) |
| 8 | ئاشناکردنی تاك بە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان | 6 | %4.26 | هەشتەم(2) |
| 9 | تێگەیشتن لە ژینگەی دەوروبەر | 14 | %9.93 | سێیەم |
| 10 | تێگەیشتن لە خەم و مەینەتی و پێداویستیەکانی بەرامبەر | 1 | %0.70 | دوانزەیەم |
| 11 | تێگەیشتن لە کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان | 12 | %8.51 | پێنجەم |
| 12 | ناساندنی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان | 5 | %3.55 | نۆیەم(2) |
| 13 | پابەندبوون بە داب و نەریتە ئەرێنییەکانی کۆمەڵگە | 8 | %5.67 | حەوتەم |
| 14 | جەختکردنەوە لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکان | 11 | %7.80 | شەشەم(2) |
| 15 | کاریگەری سەروەت و سامان لەسەر بیرکردنەوە | 3 | %2.13 | دەیەم(2) |
| 16 | کۆڵنەدان بۆ گەیشتن بە ئامانج | 2 | %1.42 | یانزەیەم |
| 17 | دانانی پلان بۆ ژیان | 3 | %2.13 | دەیەم(3) |
| 18 | بایەخی ئەزموون بۆ ژیان | 3 | %2.13 | دەیەم(4) |
| | کۆی گشتی | 141 | %100 | |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەم خشتەیەدا ئەو ناوەڕۆکانە خراونەتەڕوو کە لە بەرنامەکان پێشکەش دەکرێن و لە ڕەهەندی تێگەیشتنی کۆمەڵایەتییەوە لێکەوتە جێدەهێڵن، لەبەر زۆری برگەکانی ئەم خشتەیە، توێژەر لە سێ ئاستی جیاوازدا ئەنجامەکان دەخاتەڕوو. ئاستی یەکەم هەریەك لەم ناوەڕۆکانە بەم ڕێژەی خوارەوە خراونەتەڕوو "پێدانی زانیاری لەبارەی واقیعی کۆمەڵایەتی" بە پلەی یەکەم و ڕێژەی (12.77%)، "پەروەردە و فێرکردن" بە پلەی دووەم و ڕێژەی (12.05%)، "تێگەیشتن لە ژینگەی دەوروبەر" بە پلەی سێیەم و ڕێژەی (9.93%)، "توانای ڕێکخستنی خودی" بە پلەی چوارەم و ڕێژەی (9.21%). ئاستی دووەم شێوەیەکی مامناوەند لەخۆدەگرێت، هەریەك لەم ناوەڕۆکانە بەم ڕێژەیە خراونەتەڕوو: "پابەندبوون بە داب و نەریتە ئەرێنییەکانی کۆمەڵگە" بە پلەی حەوتەم و ڕێژەی (5.67%)، هەریەك لە "دروستکردنی بیری ڕەخنەگرانە" و "ئاشناکردنی تاك بە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان" بە پلەی هەشتەم و ڕێژەی (4.26%). لە ئاستی سێیەمدا "تێگەیشتن لە خەم و مەینەتی و پێداویستیەکانی بەرامبەر" بە پلەی دوانزەیەم و ڕێژەی (0.70%)، "کۆڵنەدان بۆ گەیشتن بە ئامانج" بە پلەی دەیەم و ڕێژەی (1.42%)، هەریەك لە "پێشکەشکردنی بیرۆکەی نوێ" و "کاریگەری سەروەت و سامان لەسەر بیرکردنەوە" و "دانانی پلان بۆ ژیان" و "بایەخی ئەزموون بۆ ژیان" بە پلەی دەیەم و ڕێژەی (2.13%) خراونەتەڕوو. لە زۆربەی ئەلقەکانی ئەو بەرنامە تەلەڤزیۆنییانەی کە وەك نموونەی توێژینەوە وەرگیرابوون، بوونی زانیاری لەبارەی تەواوی پرس و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، زۆر بایەیان پێدرابوون.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (7) ناوەڕۆکی بەرنامەکان لە ڕەهەندی سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتییەوە

| ژ | ناوەڕۆك لە ڕەهەندی سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتییەوە | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی% | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ویژدان زیندوویی | 7 | %7.07 | پێنجەم |
| 2 | متمانە بەخۆبوون | 2 | %2.02 | نۆیەم(1) |
| 3 | بیرکردنەوەی ئەرێنی | 5 | %5.05 | حەوتەم(1) |
| 4 | دەروون ئارامی | 6 | %6.06 | شەشەم(1) |
| 5 | دڵەڕاوکێ | 9 | %9.09 | سێیەم |
| 6 | دروستکردنی هەستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی | 13 | %13.13 | یەکەم |
| 7 | زیادکردنی ئاستی سۆزداری | 8 | %8.08 | چوارەم |
| 8 | تێڕوانینی گەشبینیانە | 6 | %6.06 | شەشەم(2) |
| 9 | دروستکردنی پاڵنەر و هاندان | 12 | %12.12 | دووەم |
| 10 | توانای بەدیهێنانی ئامانج | 1 | %1.01 | دەیەم |
| 11 | ڕاستگۆیی | 2 | %2.02 | نۆیەم(2) |
| 12 | پاراستنی نهێنی | 2 | %2.02 | نۆیەم(3) |
| 13 | خۆنەویستی | 5 | %5.05 | حەوتەم(2) |
| 14 | دادپەروەری | 2 | %2.02 | نۆیەم(4) |
| 15 | لێبوردەیی | 2 | %2.02 | نۆیەم(5) |
| 16 | ئاسودەیی و کامەرانی | 3 | %3.03 | هەشتەم(1) |
| 17 | خۆشەویستیی خێزان | 5 | %5.05 | حەوتەم(3) |
| 18 | خۆشەویستیی خەڵك | 2 | %2.02 | نۆیەم(6) |
| 19 | خۆشەویستیی کۆمەڵ | 3 | %3.03 | هەشتەم(2) |
| 20 | خۆشەویستیی خاك | 2 | %2.02 | نۆیەم(7) |
| 21 | خۆشەویستیی شوناس | 2 | %2.02 | نۆیەم(8) |
| کۆی گشتی | | 99 | %100 | |

لەم خشتەیەدا ئەو ناوەڕۆکانە خراونەتەڕوو کە لە بەرنامەکان پێشکەش دەکرێن و لە ڕەهەندی سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتییەوە لێکەوتە لەسەر وەرگر جێدەهێڵن، لەبەر زۆری بڕگەکانی ئەم خشتەیە، توێژەر لە سێ ئاستی جیاوازدا ئەنجامەکان دەخاتەڕوو. ئاستی یەکەم هەریەك لەم ناوەڕۆکانە بەم

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێژەی خوارەوە خراونەتەڕوو "دروستکردنی هەستی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی" بە پلەی یەکەم و ڕێژەی (13.13%)، "دروستکردنی پاڵنەر و هاندان" بە پلەی دووەم و ڕێژەی (12.12%)، "دڵەڕاوکێ" بە پلەی سێیەم و ڕێژەی (9.09%)، " زیادکردنی ئاستی سۆزداری" بە پلەی چوارەم و ڕێژەی (8.08%). هەروەها ئاستی دووەم کە شێوەیەکی ماماناوەند لەخۆدەگرێت، هەریەك لەم ناوەڕۆکانە بەم ڕێژەی خوارەوە خراونەتەڕوو: "ویژدان زیندوویی" بە پلەی پێنجەم و ڕێژەی (7.07%)، هەریەك لە "دەروون ئارامی" و " تێڕوانینی گەشبینیانە" بە پلەی شەشەم و ڕێژەی (6.06%). لە ئاستی سێیەمیشدا هەریەك لە "متمانە بەخۆبوون" و "ڕاستگۆیی" و "پاراستنی نهێنی" و "دادپەروەری" و "لێبوردەیی" و "خۆشەویستیی خەڵك" و "خۆشەویستیی شوناس" بە پلەی نۆیەم و ڕێژەی (2.02%)، هەروەها "توانای بەدیهێنانی ئامانج" بە پلەی دەیەم و ڕێژەی (1.01%) خراونەتەڕوو.

## 2-5-دەرئەنجامی توێژینەوە

1. بەهۆی فرە ڕەهەندی و کاریگەری و لێکەوتەکانیان لەسەر تاك و کۆمەڵگەوە، "دیاردەی کۆمەڵایەتی" و "بوونی کێشە و گرفت" بوونەتە گرنگترین تەوەری سەرەکی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانن.
2. پیشە و پسپۆڕی میوانانی بەشداربووی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان، بە پلەی یەکەم بریتی بوون لە "شارەزا و ئەکادیمییەکان".
3. بەشێوەیەکی گشتی ئەو پرس و بابەتە کۆمەڵایەتیانەی لە ناوەڕۆکی بەرنامەکان خراونەتەڕوو بریتین لە "هۆشیاریی کۆمەڵایەتی" و "کاریگەری سۆشیال میدیا"، هەروەها هەریەك لە "گرنگی هەبوونی یاسا" و "کاریگەری میدیا".
4. لەبارەی شێوازی باسکردنی پرس و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، دەرکەوتووە بە پلەی یەکەم لە بەرنامەکاندا "بیرۆکەی دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی هۆکاری کێشەکان و خستنەڕووی چارەسەر" زۆر بایەخی پێدراوە.
5. ئەو ناوەڕۆکانەی لە بەرنامەکان پێشکەش کراون، لە چەندین ڕەهەند لێکەوتە جێدەهێڵن. لە ڕەهەند تێگەیشتن و کارلێکی کۆمەڵایەتی وەك: "پەروەردە و فێرکردن" و "توانای ڕێکخستنی خودی" و "خستنەڕووی ئەو هۆکارە دەروونیانەی تاك هان دەدەن بۆ ئەنجامدانی ڕەفتاری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەشیاو" و "ڕێزگرتن لە ژینگەی دەوروبەر". لە ڕەهەندی سایكۆلۆژیای كۆمەڵایەتی وەك: "دروستكردنی هەستی بەرپرسیاریەتی كۆمەڵایەتی" و "دروستكردنی پاڵنەر و هاندان".

## 3-5-ڕاسپاردە

لە سۆنگەی ئەو ئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە، توێژەر چەند ڕاسپاردەیەك دەخاتەڕوو:

1. بۆئەوەی كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكان ڕۆڵی زیاتریان هەبێت لە بڵاوكردنەوەی هۆشیاریی كۆمەڵایەتی، باشتروایە تەنها پشت بە بەرنامە كۆمەڵایەتییەكان نەبەستن، بەڵكو ژانری جیاواز و شێواز و برگەی هەمەچەشنی وەك دەنگ و وێنە و ڤیدیۆ و گرافیك... هتد بەكاربهێنرێت، هەروەها ئەنجامدانی هەڵمەتەكانی ڕاگەیاندن بەمەبەستی هۆشیاركردنەوەی تاك لەبارەی پرسێكی دیاریكراو.
2. هەرچەند جیاوازی ئاراستە و بیروبۆچوون لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەكان هەبێت، ئەوەندە وەرگر ئامادەیی لەلا دروست دەبێت بۆ پشتبەستن و كاریگەربوون، بۆیە پێویستە كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكان ئەو لایەنە فەرامۆش نەكەن و بۆچوون و ڕای جیاواز لەناو بەرنامەكانیان جێگە بكەنەوە و بە هەندی وەربگرن.
3. لە خستنەڕووی پرس و بابەتە كۆمەڵایەتییەكان، واباشە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەكانی كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكان، زیاتر بایەخ بدەن بە پێدانی زانیاری ورد و پشتبەستن بە بەڵگە و دۆكیۆمێنت بەمەبەستی كاریگەری خستنەسەر جەماوەر بۆ بڕواپێهێنان لە بڵاوكردنەوەی هۆشیاریی كۆمەڵایەتی.

## 4-5-پێشنیاز

پێشنیازم بۆ توێژەرانی دیكە ئەوەیە كە لە داهاتوودا توێژینەوەیەك ئەنجام بدەن دەربارەی ڕۆڵی ژانرەكانیتری ڕاگەیاندن، وەك هەواڵ و ڕاپۆرتە هەواڵییەكانی پەیوەست بە پرس و بابەتە كۆمەڵایەتییەكان، لە هۆشیاركردنەوەی جەماوەر.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


## 5-5- سەرچاوەکان


1.ابراهيم، سعيد. (2007). "الوظيفة الإخبارية للقنوات التلفزيونية الفضائية في إقليم كوردستان"، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة السليمانية، كلية العلوم الانسانية، قسم الاعلام.

2.أحمد، الاميرى. (2020). دور البرامج الحوارية بالقنوات الفضائية العربية فى تنمية وعى الشباب الجامعى بمخاطر الشائعات، دراسة منشورة، المجلة العربية لبحوث الاعلام والاتصال، (جامعة الاهرام الكندية، العدد29

3.برياح، أميرة. حاج، نورية. (2016). "القيم الثقافة فى البرامج التلفزيونية الجزائرية"، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة عبد الحميد بن باديس_مستغانم، كلية العلوم الاجتماعية، قسم العلوم الانسانية.

4.بەشدار، محمد. (2016). "ڕۆڵی بەرنامەی گفتوگۆی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە پێکهێنانی بەها کۆمەڵایەتییەکان لای جەماوەر"، نامەیەکی ماستەرە، زانکۆی سەلاحەدین– هەولێر، کـــۆلێژی ئەدەبیـــات، بەشی ڕاگەیاندن.

5.بەهات، قرەداخی. (2018). الحوار التلفزيونى فن ومعرفة، مطبعة ڕۆژهەڵات، اربيل.

6.جوان، حمەامین. (2017). "ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە ئیسلامییەکان لەسەر لابوونی نەتەوایەتی لە هەرێمی کوردستان"، نامەی ماستەری بڵاونەکراوەیە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، بەشی ڕاگەیاندن.

7.چنار، نامق. (2021). ڕای گشتی ئەلیکترۆنی .. چەواشەکردنی میدیایی، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

8.چۆلی، ئەسعەد. (2018). تەلەڤزیۆن.. هونەری نووسین و پێشکەشکردن، ناوەندی سارا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

9.چۆلی، ئەسعەد. (2022). هەنگاوەکانی بەرهەمهێنانی پرۆگرامی تەلەڤزیۆنی، گۆڤاری دەرگەوان، ژمارە 1ی زستان.

10. حافظ، الهيتى. (2005). المسؤلية الاجتماعية الاعلان فى تلفزيون العراق، أطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة بغداد، كلية الاعلام.

11. حسن، فەتاح. (2022). وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری دهۆك، ڕێکەوتی چاوپێکەوتن 15ی تەموز.

12.حنان، قندوزى. (2017). "دور البرامج التلفزيونية الاجتماعية فى توجيه سلوك الشباب الجزائرى"، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة العربى بن مهيدى_أم البواقى، كلية العلوم الاجتماعية و الانسانية، قسم العلوم الانسانية.

13. حەبیب، مال الله.، و: ئازاد، عوبێد. (2006). دامەزراندن و پێشخستنی کەناڵی ئاسمانی کوردستانK.tv، ڕۆژنامەنووس، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ژمارە(8).

14. دکتۆر، سەپان. (2009). مێژووی تەلەڤزیۆن و کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

15. ڕۆزە، شەریف. محەمەد، کەلاری. (2014). تەلەڤزیۆن و کەسایەتی منداڵ، هەولێر.

16. سامي، الشريف. (2004). الفضائيات العربية رؤية نقدية، دار النهضة العربية ، القاهرة.

17. سێرگێی، میخایلۆڤ. مەغدید، سەپان. (2013). پەیامنێری تەلەڤزیۆن، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

18. شهيناز، فرحى. خوخة، قبقوب. (2021). "مساهمة البرامج التلفزيونية فى نشر الثقافة الصحية"، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة محمد خيضر_بسكرة، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، قسم العلوم الانسانية.

19. شێروان، رسول. (2011). "ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بونیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا"، نامەی ماستەری بڵاونەکراوەیە، زانکۆی سەلاحەددین_هەولێر، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی کۆمەڵناسی.

20. شیلان، خضر. (2014). "ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە دروستکردنی ئاڕاستە سیاسییەکان"، نامەی ماستەری بڵاونەکراوەیە، زانکۆی سەڵاحەدین_هەولێر، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی ڕاگەیاندن.

21. عبد، دولة. (2008). التربية الاعلامية فى المجتمع العربى المعاصر، مركز الناقد، دمشق.

22. عبد، الحاتمى. (2020). "دور البرامج السياسية بمواقع القنوات الفضائية العراقية على شبكات التواصل الاجتماعى في المشاركة السياسية للشباب الجامعى"، أطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة المنصورة، كلية الاداب، قسم الاعلام.

23. على، عبدالفتاح. (2014). الاعلام الاجتماعي، دار اليازورى العلمية للنشر و التوزيع، عمان.

24. عيسى، الشماس. (2005). تأثير الفضائيات الاجنبية فى الشباب، مجلة جامعة دمشق- المجلد 21- العدد الثانى.

25. محسن، الكناني. (2005). "فن الحوار فى برامج القنوات الفضائية العربية"، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة بغداد، كلية الاعلام.

26. محسن، الكناني. (2012). تقنيات الحوار الاعلامي، دار أسامة للنشر والتوزيع، عمان.

27. محمد، الربيعي. (2007). "الدور الثقافي للقنوات الفضائية العربية"، رسالة ماجستير غير منشورة، الأكاديمية العربية المفتوحة في الدنمارك، كلية الآداب والتربية، قسم الإعلام والاتصال.

28. محمود، عابد. (2009). "مهارات مقدمى البرامج فى القنوات الفضائية و مدى نجاحها فى تلبية رغبات جمهور الطلبة فى جامعات الاردنية"، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الشرق الاوسط، كلية الإعلام.

29. محەمەد، کەلاری. (2009). جیهانگیری میدیا، چاپخانەی خانی، دهۆك.

30. منى، الحديدي، حسن، مكاوى. (2005). الفضائيات العربية و متغيرات العصر، دار المصرية اللبنانية، القاهرة.

31. مەحمود، وەندی، و: ڕابەر، ڕەشید. (2013). ڕۆڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە دواندنی کوردانی تاراوگە، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك.

32. الهام، اسماعيل. (2006). دور برامج التلفزيون غير السودانية في تغيير القيم الاجتماعية للمجتمع السوداني، الدار العربية للنشر والتوزيع، القاهرة.

33.ئەحمەد، علی. (2017). "ڕۆڵی ڕێکلام لە تەلەڤزیۆنە کوردییەکان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر"، نامەی ماستەری بڵاونەکراوەیە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی ڕاگەیاندن.

34. Netra, Karambelkar. (2020). Role Of Media In Social Awareness, IRJET, Volume: 07 Issue: 12 | Dec

35. Shirley, Biagi. (2011). Media Impact: An Introduction to Mass Media'an introduction to Mss Media

36.http://www.nrttv.com/About لەڕێگەی ئینتەرنێت، ڕێکەوتی سەردانیکردن: 2022/8/23

37. ماڵپەری کوردستان24، http://www.kurdistan24.net/so/interview/%2061b769a7-eb39-48ec-8755-c520b945e327. کاتی سەردانیکردن: 2022/5/19

38.راضي، حسن. عثمان، ذويب. (2021). "اتجاهات البرامج الحوارية فى القنوات الفضائية العراقية"، مجلة كلية التربية/ واسط، عدد(10)، بدون سنة، موقع الالكتروني: shorturl.at/cfop7، ڕێکەوتی سەردانیکردن: 2021/6/21

39. عزة مصطفى الكحكى، "تعرض الشباب العربى لبرامج تلفزيون الواقع بالفضائيات العربية و علاقته بمستوى الهوية لديهم"، جامعة قطر، كلية الاداب والعلوم، قسم الاعلام، ڕێکەوتی سەردانیکردن: 2021/12/29 ، shorturl.at/lpxy8

40. ماڵپەری کوردستان24، https://www.kurdistan24.net/kmr/story/36678-Ava-Entertainment-TV-dest-bi-we%C5%9Fana-xwe-kir لەڕێگەی ئینتەرنێت، ڕێکەوتی سەردانیکردن: 2022/7/20

41. قاموس، لە ڕێگەی ئینتەرنێت، https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/social

42. لەڕێگەی ئینتەرنێت، ڕێکەوتی سەردانیکردن:2022/8/29 https://www.researchgate.net/publication/310447763_Role_of_Political_Talk_Shows_in_Creating_Political_Awareness_among_Pakistani_Youth_A_Case_Study_of_General_Elections_2013. November 2014. Pertanika Journal of Social Science and Humanities 23(1):1-19

43. لەڕێگەی ئینتەرنێت، ڕێکەوتی سەردانیکردن: 2022/9/15

https://www.techopedia.com/definition/9259/satellite-television-satellite-tv
shorturl.at/lpxy8

---

# Reliance of Kurdish Satellite channels on Television Programs to Spread Social Awareness

## (An Analytical Study)

**Asst. Lect. Bashdar Husen Muhammed**
Department of Media, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Bashdar.mohammed@su.edu.krd

**Prof. Dr. Nazakat Hussein HamaSaeed**
Department of Media, College of Humanities, Sulaimani University, Kurdistan Region, Iraq
Nazakat_72@yahoo.com

***Keywords***: *Reliance, Kurdish Satellite channels, television programs, Spread, social awareness*

## Abstract

Kurdish television channels are one of the most influential media tools, broadcasting programs that have a social dimension to present issues and problems. This study aims to determine the extent to which Kurdish television channels rely on television programs related to spreading social awareness. This research is descriptive, the researcher used the method (of content analysis). The subject of this research is Kurdish television channels. The sample of the research is the programs (Psychology and Phenomena) on Kurdistan 24 and (File and Phenomenon) on Kurdsat News. The findings showed that Kurdish television channels rely heavily on television programs to comment on issues such as "Social phenomena" and "the existence of problems" were the most important topics of the programs. The social issues presented in the programs were "social awareness" and "the impact of media and social media."

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Regarding the way social issues are discussed, the programs primarily emphasize the idea of identifying the causes of problems and presenting solutions.

-----------------------------------------------------------------

# اعتماد الفضائيات الكوردية على البرامج التلفزيونية لنشر الوعي الاجتماعي دراسة تحليلية

**الملخص:**

تعتبر القنوات التلفزيونية الكوردية وخاصة الفضائية منها أكثر الوسائل الإعلامية تأثيراً على المتلقي الكوردي، فهي تبث البرامج ذات البعد الاجتماعي من أجل عرض القضايا والمشكلات. الهدف من هذه الدراسة هو تحديد مدى اعتماد القنوات التلفزيونية الكوردية على البرامج التلفزيونية المتعلقة بنشر الوعي الاجتماعي. هذا البحث وصفي استخدم الباحث منهج (تحليل المحتوى). وموضوع هذا البحث هوالفضائيات الكوردية، وعينة البحث هي برنامج (علم النفس والظواهر) على موقع كوردستان 24 وبرنامج (الملف والظاهرة) على موقع كوردسات نيوز.

وأظهرت النتائج أن القنوات التلفزيونية الكوردية تعتمد بشكل كبير على البرامج التلفزيونية للتعليق على القضايا. كانت (الظواهر الاجتماعية) و "وجود المشاكل" من أهم موضوعات البرنامج ، وكانت القضايا الاجتماعية التي عرضت في البرنامجين هي "الوعي الاجتماعي" و "تأثير وسائل الإعلام و منصات التواصل الاجتماعي".

فيما يتعلق بطريقة مناقشة القضايا الاجتماعية ، تؤكد البرامج في المقام الأول على فكرة تحديد أسباب المشاكل وتقديم الحلول.